www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:03 23-2-2007

# سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ئاین و سیاسەت ... و: عەبدولقادر عەلی

بەشی یەکەم

لە بارەی پەیوەندیی نێوان ئاین و سیاسەت، ئەوا چەند بیردۆزێکی لەیەك جیاواز وێنای ئەو پەیوەندییەمان بۆ دەکەن.

بیردۆزی یەکەم: ئەم بیردۆزە پێی وایە کە چەمکە ئاینییەکان تەنها لە چوارچێوەی رۆژی دوایی و چارەنووسی مرۆڤ و ژیانی دوای مردن دەخولێنەوە، بەڵام سیاسەت بایەخ بە ژیانی دونیا و چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵیدا دەدا، بۆیە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا دەبینین.

ئەم بیردۆزە ئەگەر ئەوەی لە بارەی سیاسەتەوە گوتویەتی راست بێت ئەوا تێروانین و بۆچوونی بۆ ئاین هەڵە و ناتەواوە، لەبەرئەوەی ئاین هەردوو بازنەکە بە شوێنکاری خۆی دەزانێت و لە هەردووکیاندا کاردەکات، واتە ژیانی دونیا و دوارۆژی لەبەر چاو گرتووە.

بیردۆزی دووەم: ئەمان پێیان وایە ئاین بەو بنەما و تایبەتمەندییە ئاسمانی و پرۆژەی خۆی جێگیرە، هیچ کات رەخنە لێگرتن و گۆڕان و نەیاری بوون لەکەس قەبوڵ ناکات، ئەمە لە کاتێکدا سیاسەت تێکەڵاو بە دۆزی جەماوەر دەبێت و، بگرە هەندێ جار دارمانی ئەخلاقی بەدواوا دێت و هەرگیز تەوەری نەجوڵاو و نەگۆڕی نییە.

بەردەوام لە بەردەم پرۆسەی رەخنە و چاکسازی و گۆڕانی خێرادایە بەگوێرەی خواست و بارودۆخ دەگۆڕێت، دەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە مەحاڵە بتوانرێت ئەو دوانە بەیەکەوە گرێ بدرێت.

ئەم بیردۆزە تێڕوانینی بۆ ئاین تێروانینێکی هەڵەیە، هەروەك بە باشیش لە سیاسەت نەگەیشتووە، چونکە مەرج نییە هەرچی – ئاینییە – ئەوا هەموی جێگیربێت و هەروەك مەرجیش نییە هەرچی – سیاسی بوو – ئەوا پیرۆزیی تیادا نییە و لە ئاسمانەوە دوورە و خراپە و پیسیی رووی تێ دەکات، ئەو دەمەی سیاسەت سەرچاوەی پیرۆزبێت و لە خزمەت جەماوەردا بێت، ئەوا پیرۆزە و ئەگەر نا بوو بە مایەی گەندەڵی و شەڕو خراپە ئەوا پیرۆزیی نامێنێت.

بیردۆزی سێیەم: پێی وایە هەرچەندە هەندێ لە رێنومایە ئاینییەکان باس لە سیستمی بەرێوەبردن و گرفتەکانی ژیان دەکات، ئەوا مانای ئەوە نییە کە ئامانجی ئاین و سیاسەت لەیەکدا کۆبوویێتەوە، ئامانجی ئاین پەروەرەدەکردنی تاکە بە پەروەردەیەکی راست و هۆشیارانە کە لایەنی مەعنەوی بەرە و کامڵ بوون بەرێت، مرۆڤ لە ژیانی ماددەوە بەرز بکاتەوە بۆ ژیانی رۆح و بڵندی، ئیتر مرۆڤ جیهانی ماددە جێ دەهێڵێت و لە جیهانی رۆح و ئەخلاقدا جێگیر دەبێت، کەچی لە بەرامبەردا سیاسەت مەبەستی بەرێوەبردنی جیهانی ماددەیە، بەبێ ئەوەی بەلای جیهانی مەعنەوی و ئەخلاقدا لابداتەوە، ئامانجی کەسی دیندار ئەوەیە لە رووی ئەخلاقییەوە بەرز بێت و گوێ بە دونیای ماددە نەدات، بەڵام لە بەرامبەردا کەسی سیاسی ئامانجی ئەوەیە مەبەستە سیاسی و مادییەکانی جێبەجێ بکات، بەهەر هۆکارێك بێت و لەهەر بارودۆخێکدا بێت، بۆیە ئەم دووهێڵە بەیەك ناگەن چونکە ئامانجی هەریەکێکیان جیایە لەوی تریان.

لە راستیدا ئەم قسەیە بە شێواندنی هەردوو مانای ئاین و سیاسەت کۆتایی پێ دێت، ئەو دەمەی ئەمان واتای ئاین بەو فراوانییەی لە چوارچێوەیەکی تەسکی معنویاتدا دادەنێن، ئەوا لەولاتر روبەرێکی زۆری رێنومایە ئاینییەکان کە باس و خواسی – ژیان – کەنارگیر دەکەن و پشتگوێ دەخەن، ئەو دەمەی مەسەلەی ماددەیان کرد بە تاکە ئامانجی سیاسەت، ئەوا هەرچی گەندەڵی و خراپەیە رووی کردە دام و دەزگاکانی بەرێوەبەردنیان.

بەڵام وتەی پەسەند و دروست ئەوەیە کە هەریەکە لە ئاین و سیاسەت چەندین ئامانجی هاوبەشیان بەیەکەوە هەیە هەرچەندە هەریەکەیان بنەما و بەها و پێوەری تایبەت بەخۆی هەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بیردۆزی چوارەم: بەلایانەوە وایە قورئانی پیرۆز کە یەکەم سەرچاوەی لێوەرگرتنی مەعریفی ئیسلامە، لەم بارەیەوە نەدواوە و هیچی نییە.
مەسەلەی حکومەت و سیاسەت و دەوڵەتی نەخستۆتە بەر باس بۆیە دکتۆر (عەلی عبدالرزاق) لە کتێبی (الاسلام واپول الحکم) ی لە ساڵی (1925) دا لە ژێر رۆشنایی ئەم بیردۆزەدا نوسیوە و ئەو پێی وایە، کە قورئان هیچ بەڵگە و بگرە نیمچە بەڵگەیەکیشی لەسەر چوونە ناو کاری سیاسی تیایدا نییە.
لە میانەی (120) لاپەرەی کتێبەکەیدا دکتۆر عەلی هەوڵیداوە بەرپەرچی شێخ (محەمەد رشید رەزا) بداتەوە کە لە کتێبی (الخلاف رو الامامه العقمی) کەیدا زۆر بە رەهایی بەرگری لە خەلیفەکان و دەسەڵاتدارانی دوایی دەکات. بێ گومان مەسەلەی قسەکردن لەسەر شەرعیەتی دەسەڵاتداران و میر و فەرمانرەواکان جێگای قسە لەسەر کردنە و حاشا هەڵنەگرە و هەر لە گوتارەکەشیدا دیارە کە هێرشەکەی بۆسەر ئەو خەلیفە و دەسەڵاتدارانەیە کە کار و کردەوەیان هاوتەریبی خواست و داواکاریەکانی شەریعەتی ئیسلام نین و لەگەڵ سیرەی پێغەمبەردا (د. خ) نا تەبان، بەڵام لە رووی تیۆرییەوە دەیان ئایەت و سەدان گێرانەوەی پشتگوێ خستووە، هەروەك نایەوێت دان بە رۆشنبیری و عورفی سیاسی مسوڵمانان و سیرەی سیاسی پێغەمبەر (د. خ) دا، لە بارەی دامەزراندنی حکومەت و دامەزراوەی سیاسی ئەو سەردەمەدا بنێت.
تەنانەت لەسەر ئاستی پەیوەندیی گرتن لەگەڵ ئەو گەل و حکومەتانەی دەوروبەریش دابێت، یان داننان بەوەی کە خودی پێغەمبەر (د. خ) خۆی سەرکردەیەکی (27) غەزوەی کردووە و زیاد لە (40) سریەی بەرێ کردووە، جگە لە دەیان دەستە و نێردراوی سیاسی و ئابوری و سەربازی ئەم رەفزکردنە بەو قەبارەیە ناکرێت قەبوڵ بکرێت.
پێناسەی ئاین و سیاسەت
سەرەتا دوای ناسینی هەریەکە لەو بیردۆزانە پێویستە پێناسەی هەریەکە لەو دوو چەمکە بکەین و بزانین دوور لە تێروانینی رۆژئاوا هەریەکە لەو دوو چەمکە کار و ئەرکیان چییە و؟ بازنەی تایبەت و تێکەڵاو بە یەکتری هەریەکەیان کامەیە؟
ر- پێناسەی ئاین: دەکرێت ئاوا پێناسەی ئاین بکرێت کە (کۆمەڵێك بیروباوەر و بۆچوونی هاوبەند – ترابگ – ە سەبارەت بە گەردوون و مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژیانی دوای مردن و لە – وەحی خواییە– وە سەرچاوەی گرتووە و ئامانجیشی رێنوماییکردنی ئادەمیزادە بۆ شێوازێکی باشتر لە ژیان و ژیانێکی کامڵ) و، ئاین لە بیروباوەر (عەقیدە) و تێروانینی بۆ ژیان و گەردوون و یاسا و ئەحکامی ئەخلاقی بەرنامەرێژی ژیانێکی کامڵ پێك دێت.
قورئان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گشت ئاینە ئاسمانییەکان – شەریعەت– بەشێکی دانەبرا و بووە لە پەیامەکەیان و (عقیدە) خۆی بە تەنها گەر شەریعەت و یاسا و ئەحکامی لێ دابېردرێت هەرچەندە راست و دروست بێت ناتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێت و، شەریعەت بەشێکی دانەبراوە لە ئاین، بێگومان یەکێك لە لایەنەکانی ژیان ئادەمیزادە، کە سەرەکیترینیانە، بریتیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگا، هەروەك یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی کۆمەڵگا بریتییە لە سیاسەت و حکومەتداری، ئاینیش بەو تایبەمەندی و پێناسە و ئامانجەی خۆی کە باسکراون، دەگونجێت ئەولایە گرنگەی ژیانی مرۆڤ، کە سیاسەتە لە یاد بکات لە کاتێکدا ئاین مەسەلەی رێنومایی کردن و بەرەو باشتر بردنی ژیانی ئادەمیزادی لە هەردوو دونیادا خستۆتە ئەستۆی خۆی. ئەوەی بەو ئینسافەوە لە ئاین شارەزا بێت دەزانێت کە ئاین خوازیاری خێر و خۆشی بەدەستهێنانی ئادەمیزادە.
ب- پێناسەی سیاسەت: هەرچەندە کارێکی گرانە کە بتوانیت پێناسەیەکی ورد و کامڵ و تەواوی سیاسەت بکەیت و، بتوانیت مافی خۆی بدەیتی، بەڵام دەکرێت بڵێین سیاسەت واتای بەرێوەبردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گشتی دەسەڵات و جێبەجێكردنی كاروباری گشتییە بۆ مەبەستی جێبەجێبوونی بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگا و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگاچارە بۆ بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا.
یان زانستی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگایە، یان هونەری پەیوەندی جەماوەرە بە حكومەتەوە، هەر چۆنێك پێناسەی بكەیت هەر ئەوەیە كە پەیوەستە بە ژیانی ئادەمیزادەوە، بە كار و كردەوەی ڕۆژانەی تاكەوە گرێدراوە، بۆیە هەر دەبێت هەردووكیان لە بازنەیەكی هاوبەشدا یەك بگرن، هەروەك لە پێناسەی ئایندا ئاماژەماندا ئاین باشتركردنی میكانیزمەكانی ژیانی ئادەمیزادی لەبەر چاو گرتووە، هەرچۆنێك بێت ئاین گرنگی بە سیاسەت داوە و سیاسەتیش لە بازنەی ئایندا كار دەكات.
ئەگەر هەردوو پێناسەكەی پێشوو تێپەڕێنین و بە جیا و بەوردی سەیری بنەما و میتۆد و ڕێنومایییەكانی ئیسلام بكەین بەتایبەت لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیا و شەریعەت و ئەخلاقەوە، هەرخۆی ئەو مانایەمان پێ دەبەخشێت كە هەرگیز ناكرێت لە سیاسەت جیا بكرێتەوە.
ئەگەر بە سروشت و كرۆكی ئیسلام ئاشنابووی ئەو دەم دەزانین كە پەیوەندی نێوان ئەو دوانە – ئاین و سیاسەت – پەیوەندییەكی لۆژیكی و ناوكییە و هەریەك لەو دوانە سەرەڕای خاڵی تایبەت بە تایبەمەندی خۆیان بەیەكەوە لە پانایییەكی فراواندا یەك دەگرن.
ئامانجە سیاسییەكانی ئاین
سەرەڕای ئەو هەوڵ و خۆ ماندووكردنەی توێژەرانی ڕۆژئاوا بۆ جیاكردنەوەی زانستی سیاسی و فیكری سیاسی لە فیكری ئاین، كەچی لە مێژووی سیاسیدا ڕوبەڕێكی فراوانی ئەو مێژووە، مێژووی درەوشاوەی هەوڵ و كۆششی پێغەمبەرانە – سەلامی خوایان لەسەر بێ- كە جێدەستی هەوڵ و كۆششی ئەوان خاڵێكی بەر چاوی چارەنووسی گرنگی ئەوگەلانەیە لە مێژووی جیهانی سیاسەتدا و، ئەم پشتگوێ خستنەی ڕۆڵی پێغەمبەران لە مێژووی سیاسیەتدا تاوانێكە نەك ئاین بەڵكو سیاسەتیش لێیان خۆش نابێت، لە مێژووی فیكری سیاسیدا تەنها باسی (هومر – سوكرات – ئەفلاتون – ئەرستۆ – شیشیرۆن) و.. . هتد دەكرێت لەو پانتاییە فراوانەی مێژوودا نابینین كەسیان باس لە مێژووی فیكری سیاسی ئاین و پێغەمبەران بكات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بە هیچ جۆرێك نەلەمێژووی سیستمی سیاسی و نەلەمێژووی فیكری سیاسی ناویان ناهێنرێت، ئەوكارەی حەزرەتی موسا – سەلامی خوای لێ بێ – پێی هەڵسا بە رزگاركردنی چەوساوەكان لە دەست دەسەڵاتدارانی سەركوتكاری فیرعەون لەگەڵ ئەوەی فیكرەیەكی ئاینییە ئەوا خۆی لە خۆیدا كارێكی سیاسیشە، ڕیشەی ئەم كارەش فیكرەیەكی سیاسییە و كە مێژووی سیاسی ڕۆژئاوا خۆی لە باسكردنی نەداوە.
حەزرەتی ئیبراهیم دامەزرێنەری قوتابخانەی یەكتاپەرستی لە سیاسەت (20) سەدە پێش لە دایكبوونی حەزرەتی مەسیح ڕوبەڕووی دەسەڵاتدارانی ستەمكاری سەردەمی خۆی بۆتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی بناغەی قوتابخانەیەكی قووڵ و پتەوی بۆ داڕشت بەمەش لە مێژووی فیكری سیاسی جیهانیدا لاپەڕەیەكی پرشنگداری بۆ خۆی تۆماركردووە كە هیممەت بەرزییەكی بێ وێنەی لێ دەخوێنرێتەوە، نەك هەر ئەوەندەی گەلەكەی خۆی ڕزگار كرد، بەڵكو نەخشەی ڕزگاری و ئازادیی بۆ گەلانی دوای خۆی جێهێشت.
حەزرەتی موسا پێغەمبەری تێكۆشەر و ماندونەناس (12) سەدە پێش زایین، هەستا بە بەرپاكردنی بزاڤێكی ڕزگاری خوازانە بەسەر سەركوتترین و دەسەڵاتی سەردەمی خۆی و بەم كارەی ڕەوتی سەركوت و چەوساندنەوەی گەلانی چەوساوەی پێچایەوە و لە بەین برد و گەلەكەی بە ڕەوتێكی سیاسی بونیادنرا و لەسەر یەكتاپەرستی بەرە و سەركەوتن برد، ئەمەش نەخشەی بۆ دوای خۆی جێ هێشت بۆ سەركەوتن و ڕزگاربوون لە بەشمەینەتی.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوابەدوای ئەم پێغەمبەرەش، عیسا تا ئەوەی خۆیان ناویان ناوە لە خاچدان، دژایەتی و ململانێی زاڵم و ملهوڕانی سەردەمی خۆی کرد، دوا بەدوای ئەمەش ئەم سونەتە خواییە لە مێژوودا هەر بەردەوام بوو تا حەزرەتی محەمەد (د . خ) وەك دوا پەیامبەر هات، وەك تەواوکاری کاری پێغەمبەرانی پێشوو ئەمیش گەورەترین رووداوی سیاسی مێژووی بەرپاکرد و فیکرێکی سیاسی روونیشی تۆمار کرد.
بەڵام کاتێك رۆژئاوا مێژوودەنوسێتەوە تەنها ئەوە دەنوسێتەوە کە مەبەستیەتی کە تەنها لایەنی ماددەی مەبەستە و مێژووی زانستی پشتگوێ دەخات، مەبەست لە ئامانجی سیاسیی پیغەمبەران ئەو ئامانجە دیاری کراوانەن کە پێشتر (وەحی) بەرنامەرێژی کردووە و پێغەمبەرانیش سەرجەم هەوڵ و کۆششی خۆیان خستۆتە پێناوی و بچوکترین کەمتەرخەمیان بەرامبەر نەنواندووە و قوربانییان لە پێناودا بەخشیوە، بۆیە لە روانگەی ئەو ئامانجە گەورانەی ئاینەوە کە مێژوو بە خۆیەوە بینیووە شۆڕش و گۆڕانکاری گەورە بەرپا بوون، کە کاریگەری و جێدەستیان بەسەر مێژووی شارستانیەت و رۆشنبیری سیاسییەوە بەرچاو و دیارە، لێکۆڵینەوە لە ئامانجی سیاسی پێغەمبەران یەکێکە لە باسە هەرەگرنگەکانی فیکری سیاسی ئیسلام و، هەروەك دوا وشەی بڕیار دەریش بۆ روونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئاین و سیاسەت هەر بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.
ئاینی ئاسمانی سێ ئامانجی سەرەکیی لەبەرچاو گرتووە:
1- بەرقەراربوونی حەق و دادپەروەری.
2- بانگەواز بۆ ئاینی خوا و رێکخستنی پەیوەندیی مرۆڤ بە خواوە.
3- سەرخستن و سەرکەوتنی بەرە و کامڵ بوون.
(لَقَدْ رِرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَیِّنَاتِ وَرِنْزَلْنَا مَعَهُمْ الْکِتَابَ وَالْمِیزَانَ لِیَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسگ)
بۆ هەریەکە لەم ئامانجە بەرزانەی ئاین و پێغەمبەران پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە سیاسەتەوە هەیە، هیچ کام لەمانە بەبی بوونی فیکرێکی سیاسی رۆشن و ئاوێتە و رێخکرا و جێبەجێ نابێت و ئەو پرسیارەی کە بەردەوام یەخەگیر دەبێت و زووزوو دێتە حزوور ئەوەیە، ئەگەر ئامانجی پێغەمبەران هەموو بەرقەرابوونی دادپەرەری و یەکسانی کۆمەڵگا بێت ئیتر چۆن فیکر وکار وکردەوەی پێغەمبەران لەگەڵ سیاسەت و دەسەڵاتداریدا لەیەك دادەبرێن و دەبێت جیابکرێتەوە؟! بێگومان بەرقەراربوونی دادپەروەری پێویستی بە یاسایەك هەیە و یاساش بەبی بوونی سیستەمێکی روونی ماف وەرگرتن چۆن جێبەجێ دەبێت و یاساش بەبی بوونی سیستمێکی سیاسی چۆن جێبەجێ دەبێت.
هەروەك سیستمی سیاسییش بەبی بوونی فیکرێکی سیاسی پیادە ناکرێت و بە لەدەستدانی ئەم قۆناغانەی دادپەروەری جێبەجێ نابێت، بەرچاو رۆشنترین رێنومایەکانی پێغەمبەران بریتییە لە (شریعە) کە سیستمی ماف دیاری دەکات.
سیستمی یاساییش لە لایەکەوە زەمینەسازی لەبار دەرەخسێنێت بۆ کۆمەڵێك بڕیار و یاسای (الزام) ی و لەلایەکی ترەوە داوا لە حوکمەت دەکات وەك دەسەڵاتی سیاسی کە پەیمانی پیادەکاری و جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانە بخاتە ئەستۆی خۆی، ئەمە خاڵی یەکەم بوو لە ئامانجی کاری پێغەمبەران.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.